The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

## ناوەندی چاك داوادەكات لە كوردستان بەرەنگاربونەوەی جەماوەری و لە هاندەرانیش خۆپیشاندانی سەرانسەری رێك بخرێت بۆ بەردەم باڵوێزخانە و قونسوڵگەری توركیا ,دژ بە لەشكركێشی و داگیركردنی كوردستان لە لایەن رژێمی شۆفینی توركیاوە

**جەماوەری گەلەكەمان لە هەموو پارچەكانی كوردستان و هاندەران**

**پارت و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەكان**

**حكوومەت و پەرلەمانی كوردستان**

توركیا پاش ئەو شكستەی بەسەریدا هات لە بە ژینۆساید ناسینی كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكان و نەتوانینی بەرەوروبونەوەی سەربازی لەگەڵ گەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان لە باكووری نیشتمانە داگیركراوەكەمان , وە ترس و نیگەرانی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و ئەگەری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە شاری كەركوك , بۆ شاردنەوەی هەموو ئەمانە بە نیازە بریاری لەشكركێشی بدات بۆ سەر كوردستان .

ئێمە وەكو ناوەندی چاك داوا لە هەموو لایەك دەكەین یەككگرتوانەو بە یەك ئامانج و یەك خەباتەوە بەرەوروی پلانی داگیركەرانەی توركیا ببینەوە , لە هاندەران بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی سەرانسەری پرۆتستۆی ئەم داگیركارییە بكەین , لە ناوخۆی كوردستانیش ئەركی هەموو لایەكمانە خاوەندارییەتی لە كوڕان و كچانی پارتی كرێكارانی كوردستان بكەین و ببینە پشت و پەنایان , لە پەلامارو هێرشی داگیركەران و كۆمەڵكوژی بیانپارێزین , رێگە نەدەین سوپای داگیركەری كەماڵی توركیا لەناو خاكی كوردستان پێشڕەوی سەربازی بكات و كۆمەڵكوژی بەرامبەر لە بە باشترین لە كوڕان و كچانی گەلەكەمان ئەنجامبدات , پێویستە بەهەموو شێوەكانی بەرگری بەرەوروی پیلانەكانیان ببینەوە , هەموو بستێكی نیشتمانیان لێبكەین بە سەنگەری بەرەنگاربونەوە .

توركیا لەم هەنگاوەی سەركەوتوو بێت , گەورەترین سەرشۆڕی بەسەر نەتەوەكەمان دەسەپێنێت , بۆ ئەوەی شەرمەزاری مێژوو نەبین , بۆ ئەوەی رێگە لە كۆمەڵكوژییەكی دیكە بگرین , بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ناسینی ژینۆسایدكردنی كورد لە دەرسیم و ناوچەكانی دیكە وەك ئەرمەنییەكان بەسەر توركیایا بسەپێنین , پشتگیری لە بانگەوازەكەی چاك بكەن , بۆ بەرگری سەرانسەری دژ بە داگیركاری لە كوردستان و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی سەرانسەری لە هاندەران .

ناوەندی چاك ئامادەی كاری هاوبەشە , دژ بە لەشكركێشی ڕژێمی شۆفینی ڕەگەزپەرستی توركیا لەگەڵ هەر پارت , كۆمەڵە , كەسێك , دەبا دەست لەناو دەست شكست بە پیلانگێڕی داگیركەران بدەین .

چاوەڕوانی هیمەتی هەموو لایەكین .

**ناوەندی چاك**

2007-10-15

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تێبینی : تەنها ئەم ئیمەیل و ماڵپەڕەمان هەیە .**